# جەماوەری شاری قەلادزێ، ڕیزی ناڕازیانی کوردستانیان فراوانکردەوە!

ئەمڕۆسەعات 8 ی سەر لە بەیانی، لە شاری قەلادزێ مانگرتنی خەلک لە دژی گرانی و نەبوونی سووتەمەنی و ریگاو بانی خراپ ...دەستپێکرد.بە پیی هەوالەکان تا سەعات 9 ی سەر لە بەیانی نزیکەی لە 500 کەس لە بەردەم کۆمەلگای فەرمانگەکان کۆبوونەتەوە ولافیتەیان بەرزکردوەتەوە کە تیایدا داخوازیەکانی خەلکی ئەمشارەی لە سەر نووسراوە.

شیاوی باسە ئەم مانگرتنە لە سەر داوای دەستەی هاوکاری قەلادزێ کراوە کە دوینی 20\11 بەیانیکیان بلاو کردەوە و تیایدا داوای دابین کردنی سووتەمەنی و نەهیشتنی گرانی و جیبەجی کردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ خەلک ئەکات .

وا بۆ دووسالێ دەچێت خەڵکی کوردستان، بەشێوەیجۆراوجۆر نارەزایەتی خۆیان دەستپێکردوە لەپیناو دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەک ئاوو کارەبای 24 سەعاتەو دابینکردنی سوتەمەنیو ڕێگاو بانی گونجاو زیادکردنی موچەو دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکانو بەتایبەت ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتنو بیروڕا...دووساڵە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان ڕۆژانە یان 3\2کاتژمیر کارەبای هەیە یان هەرنیانەو ئەوانەش کە تونای کرێنی موەلیدەیان هەیە، دواتر بەنزینیان دەست ناکەویت بۆئەوەی کاری پێبکەن. گرانیش لەولاوە بالای بەسەر ژیانو گوزەرانی خەڵکدا کێشاوەو موچەی فەرمانبەرانو مامۆستایانو کرێکارانیش بەشی پێداویستی یەک هەفتەی هیچ خێزانێک ناکات. بەلام لەولاشەوە ماڵی گەورە سەرمایەدرانی نزیک دەسەلاتو بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار ماڵیان چراخانەو کۆشکیان لە فیرعەوناواو ڕیکاکانی مەصیفدا چوە بە ئاسماندا کە ئەوەندەی تر ڕقی خەلکی ئەستور ترکردوە بۆ درێژە دان بەخەباتو دابینکردنی خواستەکانیان.

خۆپیشاندانی ئەمڕۆی شاری قەلادزێ تاڕادەیەک بێدەنک کۆتایی هاتو هەفتەیەک لەبەردەم دەسەلاتداراندایە بۆ وەلامدانەوە بە خواستەکانیان ئەگەر نا جەماوەری شاری لەرێگای دەستەی هاوکارییەوە بریاری بەردەوام بونیان داوە لە خەباتو نارەزایەتی تا دابینکردنی گشت خواستەکانیان. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە ڕیزی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا هەمیشە تێدەکۆشێت تا بەدیهێنانی گشت خواستو ئامانجەکانیان.

سەرکەوتوبیت خەباتی پێشکەوتنخوازو موتەمەدنانەی خەلکی کوردستان!

ڕیکخراوی کوردستان

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2006/11/21